کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
هەولێر، عێراق

بڵاوکراوەی راگەیاندن
2013-2-3
هەولێر
بڵاکردنەوەی دەستبەجێ

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هاندەرو پشتیوانی خاوەن کارانی داهاتوی عێراق دەکات

لە ڕێکەوتی 31ی 1 تا 2ی 2 نوێنەرایەتی ئەمریکا لە عێراق لەڕێگەی ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی کۆمەکی (سپۆنسەری) ' دەست پێکردنی کۆتایی هەفتە'ی لە پارێزگای سلێمانی بۆ بەهێزکردنی توانای بازرگانی گەنجانی عێراقی کرد. بۆنەکە لەلایەن خوێندکارانی زانکۆی ئەمریکی لە عێراق-سلێمانی دوو ڕێکخراوو. پەنجا گەنجی خاوەنکاری سلێمانی بەشداری ڕاهێنانێکی سێ ڕۆژەیان کرد دەربارەی فێربونی چۆنیەتی گەشەپێدانی پلانی بازرگانی و هەروەها دروستکردنی پەیوەندی و تێکەلاوی وفێربون لە سەرکردە بازرگانیە سەرکەوتوەکانەوە.

لە خولەکەی کۆتایی هەفتەدا, خاوەنکارە گەنجەکان بۆ چەند تیمێک دابەشکران و دەستیان کرد بە گۆڕینەوەی بۆچونەکانیان لە سەر گریمانەی دەست پێکردنی کارێکی بازرگانی. بەپێی بۆچونی بەشداربوانی ترو ڕاهێنەرانی بازرگانی کە بەرێوەبەری ڕاهێنانەکە بون تیمەکان مۆدێلە بازرگانیان ئامادەکردو نەخشەی پلانی بازرگانی و بەبازاڕخستنیان کێشا. نوێنەرانی گۆگل سویزەرلاند, ئاسیا سێڵ, سۆتۆرکسی عێراق و ڕێکخراوە ناحکومیە جیهانیەکان بڕیاریاندا بە گەشەپێدانی بازرگانانی بەرپرسی کۆمەلایەتی, پلانەکانیان لەسەربنەماکانی گونجاوی بۆبەبازاڕخستن و داهێنەرانەو بەرجەستەیی هەڵسەنگاند, وە پلانێکیان وەکو یەکێ لە پلانە هەرە بەرجەستەکان کەوا شانسی سەرکەوتنی هەبێت هەڵبژارد. پاشان ئەو تیمەی کە پلانەکەی بە بڕاوە دەرچو دەرفەتی ئەوەی درایێ کەوا پلانەکەی پێشکەش بە وەبەرهێنەران و بازرگانانی تۆکمە بکات.

لەکاتی قسەکردن بۆ 'دەستپێکردنی کۆتایی هەفتە' بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی تۆماس ستال گوتی ' بنیاتنانی تواناکانی بازرگانی بۆ خەڵکی گەنج یەکێکە لە باشترین وەبەرهێنانەکان لەداهاتودا. ئەم چالاکیە ئەو ئامانجە زۆر بەباشی دەپێکێت'

ئەحمەد عومەر ڕێکخەری بۆنەکە گوتی ''دەستپێکردنی کۆتایی هەفتە' دەرفەتێکە بۆ ئەوکەسانەی فکرەیان هەیە بۆ فێربون دەربارەی پێشخستنی بازرگانی لە ژینگەیەکی کراوەی کێبرکێدا, بەبێ ترسی شکستهێنان یان نەبینینی بەرهەمی فکرەکانیان. بۆ گۆڕین و بە مۆدێرنکردنی ئابوریەکەمان, بازرگانە گەنجەکان پێویستە فێربن چۆن گەشە بە فکرەی نوێ و داهێنەرانە بدەن'

' دەست پێکردنی کۆتایی هەفتە' مۆدێلێکی جیهانیە بۆ هاندانی دەست پێکردنی بازرگانی نوێ دارێژراوە. لە نزیکەی 100 ولاتی جیهاندا بونی هەیەو یارمەتی گەشەپێدانی زیاتر لە 10,000 دەستپێکی بازرگانی داوە.

نوێنەرایەتی ئەمریکا لەعێراق لە ڕێگەی ڕێکەوتنامەی ستراتیژی نیوان ئەمریکاو عێراقەوە پابەندە بە پشتیوانیکردنی بەردەوامی بۆ گەشەپێدانی ئابوری عێراق لەڕێی پرۆگرام وپرۆژە بەردەوامەکانی وەکو ' دەست پێکردنی کۆتایی هەفتە' کەوا هەوڵی پەرەپێدان و هاندانی خۆشگوزەرانی ئابوری و بازرگانی بۆ هەمو عێراقیەکان دەدات.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە نوسینگەی ڕاگەیاندنی کونسولخانەی گشتی ئەمریکاوە بکەن لە ڕێی07704431653

###